# تۆپزاوا
## دەروازەی دۆزەخی ئەنفالکراوانی کورد

گوزەرێک بە شوێنپێی جەلادوقوربانیدا

سەردانی تۆپزاوا لەگەڵ فەرەج

ڕۆژی ٢٧/١٢/٢٠١١

عومەر محەمەد



**٢٠١١/١٢/٢٧** کاتژمێر **٧:٣٠** ی سەرلەبەیانی لە سلێمانیەوە بەرێکەوتین بۆ شاری چەمچەماڵ، بە نیازی ئەوەی لەوێوە ( فەرج محمدعەزیز ) لە گەڵ خۆماندا هەڵبگرینو بڕۆین بۆ تۆپزاوای 20 کیلۆمەتری خوار شاری کەرکوک.

تۆپزاوا لە سەروەختی ئەنفالدا تۆپزاوا کرابووە بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنفالکراوەکان، شایانی باسە کە بەفەرەج محمد بە فەرەجی تۆپخانە ناسراوەو یەکێکە لەدەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوەکانی بیابان لەپارێزگای رومادی..دوای ئەوەی بە بنکەکانی کۆکردنەوەکاتییەکانی قادرکەرەمو چەمچەماڵدا تێپەریبوو هێنرابوو بۆ تۆپزاواو لەوێوە دوای دوو رۆژهێشتنەوەو ناونوس کردنیان برابوون بۆ پاریزگای رومادیو لەوێ لەقەراغ ئاوی فورات لە بیابانێکی چۆلەوانیدا کاروانی پاصەکانیان راگرتبوو دوودوو لەوپاصە شێوە ئیسعافانە هێنابوویاننە خوارەوەو دەستو چاویان بەستبوونو گوللەبارانیان کردبوون.

**فەرەج کێیە ؟**

فەرەج محەمەد عەزیز یەکێکە لە دەربازبووە دانسقەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال .

لە دایک بووی ساڵی **١٩٥٠** - گوندی قشلاخە کۆنە

دوای روخاندنی گوندەکەیان لەساڵی **١٩٨٧** بەخاوخێزانەوە چونەتە گوندی تۆپخانە لە ناحیەی قادرکەرەم.

لەبەرئەوەی گوندی تۆپخانە هەموویان خزم وکەسی نزیکی فەرەج بوون بۆیە لەدوای روخانی قشلاخە کۆن چوونە ئەوێ. تۆپخانەش وەک هەر گوندێکی تر لە پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا روخاو **٢٦** پیاویشیان ئەنفالکراوە .

فەرج جوتیارێکی بێچەک و هەژاری ماڵی خۆی بووە.

ئەو کاتەی ئەنفالکران باوکی **٩** منداڵ بوو. لەناو ئەو کەسانەی کە لەو کۆمەڵکوژییە خوێناوییەدا دەربازی بوو بەتەمەنترین کەسیانە .

لە رۆژی **٧**ی نیساندا پەلاماری ئەنفال گەیشتە گەرمیان خەڵک گەمارۆدرا، لە **١٢**ی نیساندا ئەویش وەهەرکەسێک خۆی ڕادەستی موستەشاری جاش «شێخ موعتەسەم بەرزنجی» ی برای کۆنە پارێزگاری سلێمانی شێخ جەعفەر بەرزنجی بەدناوکردووە. بەڵام ئەو سەرباری ئەوەی ویستبووی گیانیان بپاریزێ بەڵام ڕادەستی سوپای کردن.

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە چەمی عالیاوای نزیک قادرکەرەم لەگەڵ کۆی خەڵکەکە دەستبەسەرکراون.

ڕۆژی **١٤**ی نیسان رەوانەی لیوای چەمچەماڵو هەمان رۆژ ڕەوانەی تۆپزاوا کراون .

لە تۆپزاوا جیاکرانەوەو پۆلێنکران و کرانە ناو هۆڵەکانەوە و بۆماوەی دوو رۆژ بەبێ خواردن دەستبەسەرکران.

سەرلە بەیانی رۆژی ١٦ی نیسانی ١٩٨٨ بە پاسی بێپەنجەرەی شێوە ئیسعاف (کەبس) بەرەو بیابانی پارێزگای رومادی (محافظە الانبار). براون ئەویَ شوێنی کۆمەڵکوژی کاروانێک بوو کە بریتی بوون لە ٣٤ پاس و هەر یەکێکیشان ٣٤ کەسی تێدابوو هەموو سەرنشینەکانی گەنج بوون .

## تۆپزاوا یاخود دەروازەی دۆزەخ :

تاوانی ئەنفال وەک هەرکردەیەکی جینۆساید بە قۆناغەکانی دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەو پۆلێنکردندا تێپەڕیوە، دستنیشانکردن بە واتای ئەوەی کێن ئەوانی بۆ کۆشتن ولەناوبردن دیاری دەکرێن و جەلادەکانیان بۆ ئاراستە دەکرێت؟ کۆکردنەوەی دەستنیشانکراوان لەکویَ ؟ بێگومان لە ئەنفالدا لەتۆپزاوا ، پۆلێنکردن لەکویَ و بۆچی و ئامانج لێی چییە ؟ بۆیە باسکردنی ئەنفال بەبێ تۆپزاوا چیرۆکێکی ناتەواوە، چونکە تۆپزاوا پێگەیەکی گرنگی ئەنجامدەرانەو شوێنی پرۆسەی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی قوربانیانی تاوانەگەورەکەی سەدەی بیستەمە، لە دوای کۆکردنەوەی کوردە گوندنشینەکان بۆنمونە لە ئەنفالی گەرمیاندا گوندنشینەکان کە دەگیران لە کەمپە کاتییەکانی وەک قۆرەتوو، ملەسورە لەکفری و لیواکەی کەلار و عالیاوا لە قادر کەرەم رەوانەی تۆپزاوا دەکران، بێگومان لە قۆناغەکانی تریشدا هەروا بوو، بۆنمونە قەڵای سوسێ شوێنی ئەنفالکراوانی دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و گوندەکانی ناوچەی ئاغجەلەر رەوانەی تۆپزاوا دەکران .



تۆپزاوا ناوی سەربازگەیەکە لەسەرنەخشەی یەکێتی سۆڤێتی جاران کە بۆ پارێزگاری لە لیوا یاخود شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوت دروستکراوە وکەوتووەتە نزیکەی (٦٠)کم خۆرئاوای شاری کەرکوک. لە رۆژهەڵاتی سەرجادەی گشتی حەویجە — کەرکوکدایە لەتەنیشت هەردوو گوندی (ترکە)ی تورکمان نشین و (تۆپزاوا)ی کوردنشینە، ناوی سەربازگەکە لەوگوندەوە هاتووە.

تۆپزاوا پێشتر شوێنی مەشقی سەربازی سوپای میللی بووە. لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفالدا (وەک سەربازگەکانی ئەڵمان بۆکۆکردنەوەی جولەکەکان) چۆڵکرابوو بۆتاوتوێ کردنی ئەنفال وکرابووە شوێنی کۆکردنەوەو جیاکردنەوە و پۆلێنکاری ئەنفالکراوانی کورد. لە زۆرشاری تر هەمان سەربازگەو بەهەمان نەخشەی شورەوی دروستکراون لەوانە سەربازگەی سەلام لەشاری سلێمانی و فەیلەق لەهەولێرو دوبز لەدوبز وسەلامیە لە موسڵ و سەربازگەکانی سەعدیە لە دیالە و زۆرشوێنی تریش تۆپزاوا هاوشێوەو هاونەخشەی ئەو سەربازگانەیە.

دەروازەی تۆپزاوابریتیە لە دوو دەرگای گەورە کە یەکێکیان بۆچوونە ژوورەوەو ئەوی تر بۆ هاتنە دەرەوەیە، بۆ هەریەکێکیان خالێکی ئێشکگرتنو بۆ هەردوکیشیان یەک ژووری (باب النظام) تێدایە

هەردەرگایەکیان سایدێکی جیاوازە و قیرتاو وشۆستە کراوە بۆ ناومەیدانەکانی مەشقو ئۆفیسەکانو شوێنی حەوانەوەی ئەفسەرەکان و هۆڵەکان کە شوێنی پشووی سەربازەکان بوون، لەوکاتەدا بەشێوەیەکی کاتی کرابووە شوێنی بەندکردنی ئەنفالکراوەکان.

دەرگایەکیان بۆهاتنە ژورەوەو ئەوی تریان بۆچوونە دەرەوەیە .

هەر دەروازەیەکیان بەدیزاینێکی ئەندازەیی نیوەکەوانەیی دروستکراوە، کە بریتیە لە دوو جسری ٥٠ مەتری و هەشت پایەی مەتر چوارگۆشەو بەرزی هەریەکەشیان ١٠ مەتردەبێت .

دوای **٢٥** ساڵ لەو تاوانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد فەرەج بۆیەکەمینجار چووەوە بۆ تۆپزاواو دوای ئەوەی بیری خستە کار یادەوەری هاوکار بوو توانی ئەو هۆڵە بدۆزێتەوە کەکاتی خۆی لەتۆپزاوا بۆماوەی دوو رۆژ تیایدا دەستەبەسەر بووە.

هەرکە گەیشتینە یەکەمین دەروازەی سەربازگەی تۆپزاوا، فەرەج دیقەتی ئەو دیکۆرە کۆنگرییەتیە کەوانەیەی دا کە بەرلە **٢٥** ساڵ بە ئەنفالکراوی بەژێر هەمان ئەو دەروازە گەورەیەدا تێپەری کەوا ئێستا بە ئازادی دەچێتەوە بۆ ناو هەمان ئەو سەربازگەکە کە ئەو سەروەختە بنکەی سوپای میللی ( جیش الشعبی ) عێراق بووەو کرابووە شوێنی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنفالکراوان.

دەروازەیەکی قێزەون کەسەدان هەزار کوردی گوندنشینی لەگەنجو پیرومنداڵی لەهەردوو رەگەزی نێرومێدا پێدا هاتووەتە ژورەوەو دوای پۆلێنکردنو جیاکردنەوەیان جارێکی تر لەهەمان دەروازەوە براونەتەوە دەرەوە بەرەو بیابان، هەرچی گەنجەکان بوون بۆ کوشتنی راستەوخۆو هەرچی ژنومنداڵو پیروپەککەوتەکانیش بوون بۆ نوگرە سەلمان بۆ بێگومان بۆ مەرگێگی ناراستەوخۆ بۆ ئەوەی بەهێواشی لەبرسانو لەگەرمای بیاباندا بەشێنەیی بمرنو لە بیابان گۆرغەریب بین.




هێشتا لە سلیمانی بووین کە حاجی فەرەجی تۆپخانە تەلەفۆنی بۆکردم تا دڵنیابێت لەوەی یاوەری دەکەم بۆ ئەو گەشتەی یان نا؟ کەمن وەڵامم بە بەڵی دایەوەو پێمگووت وا لەرێگاین ووتی : دەباشە وەزیری شەهیدانو ئەنفالکراوان دێت بۆ ئێرە پێمخۆشە ئێوەش لەوکاتەدا بگەنە ئەوێ ، ئەوەش دەرفەتێکی زۆر گرنگ بوو بۆمن، چونکە ماوەیەکی زۆربوو پرۆژەیەکم دابووە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان بۆئەوەی ئەو 10 کەسە دەربازبووەی گۆری بەکۆمەڵ لەمەینەتی رزگاریان بێتو سۆراخێکی بکەم.. هەرلەوێ توانیم جارێکی تر بە ئامادەبوونی خودی فەرەج ئەو پرۆژەیە بیری وەزیر بخەمەوەو ئەویش بریاریدا کەوا جێبەجێی بکات.

زیندانی تۆپزاوا ناوی ئەو سەربازگەیەیە کە 20 کم دەکەوێتە خوار شاری کەرکوکەوە، کە هەربەناوی گوندی تۆپزاواوەیە

**عێراق نیشتمانی هەموانە ..!**

لەیەکەم دەروازەی تۆپزاوا لەسەر دیواری گوڵدانێکی کۆنکرێتی چوارگۆشەیی نوسراوە عێراق نیشتمانی هەموانە ..

بەڵام ئەوە هەرگیز راست نەبوو بەڵکو درۆیەکی گەورەبوو، چونکە ئەو دیوی دەرگاکە شوێنی سوکایەتی پێکردنو ئەشکەنجەدانی کورد بوو، ئەنفالکراوەکان لەوێ سوکایەتیان پێدەکراو برسی دەکران و پۆلێن دەکرانو لێک جیادەکرانەوە، منداڵانیان لەدایکیان دەستاندو دایک و باوکیان لەیەکتر جیادەکردەوە بۆ دۆزەخی بیابان. ئەوانەش هەموو عێراقی بوون !

لە سەردەمی ئەنفالدا بیابان دوو شێوە مەرگی جیاوازی کوردانی بەخۆیەوە دیت .کە لێرەوە لە «تۆپزاوا» وە قوربانیەکانی بۆ ئاراستە دەکران .

**. یەکەمیان: مەرگی راستەوخۆی بە کۆمەڵی گەنجەکان بوو.**

**دووهەمیان: گرتوخانەکانی دوبزو نوگرە سەلمان بوون، کە هەردوکیان بۆمەرگی شێنەییو لەسەرخۆی پیرو پەککەوتەکانو هەندێک ژنو منداڵ بوو. هەردوکیشیان دەیان تەرمیان لێنێژراوە کە لەبرسان مردبوون . لە دوبز تەرمی ١٠٢ منداڵ هەبوون و لە نوگرەسەلمان بەدەیان تەرم هەن.**

پێموایە دەروازەی دۆزەخ ناوێکی گونجاو بێت بۆسەربازگەی تۆپزاوا .. چونکە هەرچی لەو دەرگایەوە چووە ژوورەوە بەبێ بریاردان لەسەر یەکێک لەودومەرگە قوتارنەبوو.




## نوسینگەی هەواڵگری

کە دەچیتە تۆپزاوا لە دوای دەروازە گەورەکە زۆر تێناپەڕیت یەکەم ژور کە ڕوبەڕوت دەبێتەوە، ژووری نوسینگەی هەواڵگرییە.

هەواڵگری (استخبارات) ئەودەزگا ترسناکەی پێش هەموو کەس کارمەندانی خۆی لە پیاوەتی دەخست، پیاوانی ئەمن و ئیستخبارات لە هەموو بەهایەکی ئینسانی دادەماڵدران ودەکرانە جاسوس بەسەر هاوڵاتیانەوەو هەزاران هاوڵاتی بێگوناهی عێراقی بەگشتیو کوردیان بەتایبەتی بە تەنوری ئەشکەنجەو مەرگدا کرد. ئەفسەروکارمەندانی ئەمن وئیستخبارات لێرەش زۆر نامەردانە لەگەڵ ئەنفالکراوەکان هەڵسوکەوتیان کرد. ئەو ژورە ئێستا روخاوەو ئاماژە بۆ نابووت بوونی رژێمێکی قیزەون وبێزراو دەکات .

## یادەوەری عوزێر:



عەزیز وەهاب سلێمان ناسراوە بە«عوزێر» ئەویش وەک فەرەجی گوندی تۆپخانە دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژی ئەنفالەو چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە، دەگێریتەوە دوای ئەوەی جیایان کردینەوە هەرچی پێمان بوو لێیان سەندین و نزیکەی (٥٠٠) کەسیان کردینە تەنیا هۆڵێکەوە، پەنجەرەی زۆربوو، سەربازەکان تورەودڵرەق بوون، لولەی تفەنگەکانیان کردبووە ئێمە، ها ئێستا هاساتێکی تر هەموومان دەکوژن، جار ناجارێکیش دەمگووت دەبا بمانکوژنو لەم عەزابە رزگارمان بێت..

ووتی : سوێندت لەسەرم نیە زۆرم تینوو بوو لە عەسکەرێک پارامەوە کەمێک ئاوم بداتێ .. زۆری نەبرد لە سوالەتێکدا ئاوی بۆهێنام بەڵام کە خواردمەوە بۆنێکی زۆرناخۆشم تام کرد .. بەخوا یان میزبوو یان ئاوی زیراب بوو بۆی هێنام و دەرخواردی دام .

### یادەوەریەکانی فەرەج :



فەرەج زۆر لەسەرخۆو جارجاریش گریان بەربینی دەگرت، کاتێک بەسەر هاتی ئەو دورۆژەی تۆپزاوای دەگێرایەوە.

دیمەنێکی زۆرپڕ ئازاربوو کە بە هێواشی پشتێنەکەی کردەوەو فرمێسکەکانی پێسڕینەوە.. وتی ناهەقم مەگرن ئینجا بەهەر پێنج پەنجەکەی ئاماژەی کردوو گووتی: پێنج برام ! بێجگە لە ئامۆزاو خزمە نزیکەکانم لەم هۆڵانەوە رۆیشتن و نەمزانی لەکوێ کوژران ؟! بۆکوژران ؟ بێجگەلەوەی کورد بووین هیچمان لەخۆمان شک نەدەبرد قابیلی ئەو رەزالەتە بین .. ئەو گەشتە هەتابلێی گرنگو ئەفسوناوی بوو بەلای منەوە بەتایبەتی کە دەمبینی ئەو هۆڵانەی وا ئێستا بوونە کەلاوەو هەندێکیشیان ماڵی ئاوارەی لێ نیشتەجێ بوون زۆر واتای دەبەخشی لە بەد بەختیو تارادەیەکی زۆر بێباکی میللەتیکی جینۆسایدکراوی دەهێنایە پێشچاو. دوای ئەوەی تەواو بەناو هۆڵکاندا گوزەرمان کرد بە حەسرەتێکی زۆرەوە سواربووینو بەرەو سلێمانی کەوتینەوە رێ بەڵام لەوماوەیەی کە لەگەڵ فەرەجی تۆپخانەدا پێکەوە بووین هەرگیز بەو شلەژاویو هەژانەوە نەمدیبوو.

فەرەج جارێکی تر ئەو قسەیەی دوبارە کردەوە کە ساڵی ٢٠١٠ لەیەکەم یەکتر بینینماندا پێی وتم کاکە ئێمە بووینە فلیم دەبوو ئێستە ئەوەندە رێز لەکەسوکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بگیرایەو هێندە خزمەتیان بکرایە هەموو کەس ئارەزوی کردبا کەسێکی ئەنفالبوایە نەک وەک ئێستا بووینەتە گاڵتەچی عالەم !

### دوا وێستگەی ژیان :

فەرەج دەڵێت : ( کە سەیارەکان وەستان دنیا تاریک ببوو، دەستڕێژی جار بەجار دەنگی گوللەش دەهاتەگوێ، ئیتر زانیمان ئێرە کۆتایی ژیان و شوێنی کوشتنمانە، زۆری نەبرد کە دوو سەربازهاتن و دەرگای سەیارەکەیان کردەوە، ئینجا دوو دوو پەلکێشکراینە دەرەوە، من لەگەرما پێڵاوەکانم دانابووکە دابەزیم بە پیویستم نەزانی لە پێی بکەمەوە.

لەگەڵ صالحی ئامۆزامدا پێکەوە دایانگرین و بە جامادانیی سالح دەستمان بەسترایەوەو بەپشتێنەکەی منیش چاومان ) فەرەج بیری لەوەکردووەتەوە نۆرە بری لە داگرتنی دوو کوری گەنجی جواندا بکات بۆ ئەوەی مەرگیان نەبینێ کە دەبوو لەپێش ئەمانەوە دابگیرانایە، کەچی قەدەر وابوو تەرمی ئەوانیش بەسەر ئەمدا فرێدرانەخوارەوە .

گاردەکان کە ئەنفالکراوەکانیان دادەگرتە خوارەوە، بەخێرایی دەیان پشکنین، بەڵام نەیانتوانی ئەو ٢٠٠ دینارە بدۆزنەوە کە فەرەج شاردبوویەوە .

دوای ئەوە بەرەو لێواری چاڵێک پاڵدران، ئینجا فەرمانیان پێکردن شایەتمان بهێننو ڕاکشێن فەرەج لەبەرخۆیەوە ئایەتەلکورسی خوێند: "الله لا اله الا هو الحیو القیوم" فەرماندرا بیانکوژن لەم ساتەدا جەلادەکەش شتێکی دەخوێند بەلام فەرەج نازانێ ئایەتەلکورسی بووە یان قسەیەک صدام.

گورو هووڕی بلدۆزەریش دەهات، هێندەی نەبرد کلاشینکۆف کەوتەکار لە تەنیشتیەوە هەستی بەناڵەیەک کرد، ئەوە دوادەنگ و دوا هەناسەی ساڵحی ئامۆزای بوو، دەسڕێژەکە وەستاو فەرەجو صالحیان بەنوکە شەقێک هەڵدایە چاڵێکەوە کە پێشتر تەرمی زۆری تێفرێدرابوو.

فەرەج کە زانی نەپێکراوە، هەوڵیدا بەلایەکدا دزە بکات، کە کەوتە جووڵە هەستی کرد هەموو چوار دەوری لاشەیە، ئینجا دەست و چاوی کردەوە، هێندەی پێنەچوو دوو بەندیی تریان هێناو لەسەرچاڵەکەدا پاڵیانخستن و بەگوللە دایانبێژانو ئەوانیشیان فرێدایە خوارەوە، ئەوانە تەرمی دوو گەنجە جوانەکە بوون کە فەرەج نەیدەویست مەرگیان ببینێ .

### کورد نەما :

ئەوەی فەرەجی تۆقاندبوو بینینی ئەو هەموو چاڵەی دەوروبەری بوو (بۆیە فەرەج لەدڵی خۆیدا ووتی کورد نەما ) فەرەج ڕوانی تاچاو بڕکا چاڵەکە درێژە و پڕ بوو لە تەرم، لەوەدا بوو خۆی بدزێتەوە، بەڵام جەلادێک هاتە ناوچاڵەکەو هەرچی بدیتایە دەجوڵێتەوە دەیدایە بەرگولله بەخەیالیدا هاتبوو پەلاماری بدات، بەڵام ئەوەی نەکردبوو، وای بەخەیالدا هاتبوو کە ئەو سەربازەش بکوژێت خۆی هەر دەکوژرێت. دورکەوتەوە و بێ وەستان کەوتە ڕاکردن، بەڵام لەو بیابانە ترسناکەدا سەگەل بەبۆنی خوێندا شوێنی کەوتن و لێینە دەبوونەوەو تەواو سەغڵەتیان کردبوو ( ناچار خۆم وەکو جۆرە درندەیەک پیشاندا سەگەکان لێم ترسانو دورکەوتنەوە، ئەو شەوە خۆی لە هەر ڕووناکیەک بەدورگرتو نەیوێراوە نزیکیان بکەوێت، ریگەی کەوتبووە سەر ئاوێک هەرچۆنێک بووە خوێنکەی لە خۆی کردبووە.

شۆفێری شۆفڵ چاوەڕێی فەرمان بوو بۆداپۆشینی تەرمەکان ماوەی چارەکە سەعاتێک لەشوێنی خۆیداماپەوە گوێی هەڵخستبوو بەڵام تەقەی بچڕبچڕەدیان ترساندو نەیدەوێرا بجوڵێ پاش ماوەیەک سودی لەکپیو بێدەنگی وەرگرت، بەرلەوەی شۆڤڵ دایانپۆشێ بەئەسپاییو ترسەوە بەسەر لاشەکاندا تێپەڕێو لەتیمەکانی گوللەباران دوورکەوتەوە .

بەڕێگایەکی خۆڵدا تێپەڕی بەرەو ئاوەدانیەک بەڵام چیرۆکێکی بۆخۆی دارشتبوو کەگەیشتبووە شوانێکی پیر پرسیاری لێکردبوو، شوانەکە لەوەڵامدا وتبووی ئێرە پارێزگای "ڕومادی" یەو ئەوانیش کوردی ئێرانینو لێرە نیشتەجێکراون، کابرا مەبەستی بوو بزانێ بۆچی فەرەج پێی پەتیيە ؟! لەوەڵامدا ووتبووی: سایەقم و ئۆتۆمبیلەکەم وەرگەراوەو هەرچی ناسنامەیەکم پێبووە لە ئۆتۆمبیلەکەدا بەجێیماوە، بۆیە خۆم لەخاڵی پشکنین دەپارێزم، شوانەکە ناونیشانێکی دایەوپێی گوت چۆن دزە بکاتە ناوئۆردوگاکەوە، بەوناونیشانە گەیشتە ناوماڵەکان، لە ماڵیک ژنێک نانێکی دابوویەو پرسیاری لێکرد ئەم شوێنە کوێیە؟ ژنەش وتبووی کۆمەڵگایەکە بۆکوردە ئێرانیەکان دروستکراوە، کە مێردی ژنەکە هاتەوە فەرەج سیناریوی وەرگەڕانی بۆئەویش گێڕایەوەو لێیپرسی چۆن بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ووتبووی پاسێک لە کۆمەڵگاکەوە بۆ ڕومادی دەردەچێت و ئامۆژگاریشی کردبوو چۆن لە خاڵی پشکنین دەربازببێت و هەندێ خواردن و جووتێ نەعلیشی پێدابوو

## ڕێکەوتێکی گرنگ بەڵام ترسناک !

فەرەج لە ماڵەکە دەرچوو. بەڵام کە پاسەکە هاتبوو زۆر لەوە ترسابوو پاسەکە جێگەی نەبێ و بۆی نەوەستێ، بۆیە لە خوا پارایەوە هەلێگرێ و لەم مەینەتیە رزگاری بێت، بەڵام بەخت یاوەری بوو پاسەکە وەستاو ئەو بەترس وشڵەژاویەوە سواربوو، کەسەرنشینێک بانگی کردبوو، (کاک فەرەچ بەخێر بێیت ) وەرە ئێرە ! هەرچەندە ئەو زۆر ترساو زەندەقی چوو، بەڵام ئەو کەسە لەلای خۆیەوە جێگەی بۆکردبووەوە باش بیرمە لەرێگەی کولەجۆ بووین فەرەج بۆی گێرامەوە وتی بەوخوایە کاک عومەر ئەوکاتەی بانگمی کرد وەک ئەوە بوو پێستەکەم لەلەشم بکەنەوە ئەوەندە ترسام، کاکە نەمدەزانی ئەوە راستیە یان خەوە دۆستە یان دوژمنە فریشتەیە یان شەیتان ؟ ئەوکەسەش هەمان چیرۆکی هەبوو عوزێربوو کە شەوی رابوردو لەکۆمەڵکوژییەکی تر بە بریندارى رزگاری ببوو.

چیرۆکی درەبازبوونیان تراژیدی و درێژە.

ئێستا فەرەج و عوزێر و رەمەزان و واحید کە هەمان چیرۆکیان هەیە لە لاوتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژین .

پەندی ڕۆژگار





فەرەجو عوزێرو واحیدو رەمەزانو تەیمور لەگەڵ دەربازبوانی تری کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ بەشداری دادگای باڵای تاوانەکانیان کردووەو سەدام علی حسەن مەجیدیان لەقەفەزی تاوانی ئەنفالدا بینی و شایەتیان لەسەر ئەوکۆمەڵکوژیەداوە . کە لەدنیادا بە تاوانی سەدەناسراوە.

بەڵام ئەفسوس دادگاکە کارەکانی تەواو نەکردووە بەهۆی دەستێوەردانی سیاسیەوە بەتایبەتی داڵدەدانی تۆمەتبارانی ئەنفال .

پاشكۆی وێنەكان










بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ بروانە بەسەرهاتی دەربازبووان دیمانەی عارف قوربانی  یان ئەنفالستان ژمارەکانی (٨. ٩. ١٠) یاخود

ماڵپەری ئەنفالستان ( www.Anfalistan.com )